وەڵامێک بۆ ڕۆژنامەی ڕێوان: لەسەید سادقە دوو پەرلەمانتاری ژن، ڕوبەڕووی توندوتیژی بونەوە.. یان..؟

لەلاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی ڕێوان ژمارە ١٣٩ کە لە ١٦/کانونی یەکەمی/٢٠٠٦ دەرچووە، بابەتێکی هەواڵ ئاسام بینی زۆر سەرنجی ڕاکێشام لەڕووی ناڕاستی‌و نادروستییەوە، بۆیە بەچاکم زانی بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەو هەواڵەو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆڕەکەو هەندێك لەسەرنجەکانی خۆم دەربارەی ئەو کۆڕەو ئەو دوو ئەندام پەرلەمانەش بخەمە ڕوو،هیوام وایە ئەم ڕونکردانەوانەی منیش نەخرێتە قاڵبی توندوتیژی دژ بە (ڕێوان) یان (پەرلەمانتارانی ژن)و بەڕۆحێکی وەرزشیەوە وەربگیرێ.

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٤ کە نۆزدە ڕۆژ بەسەر ڕۆژی ڕوبەڕوبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان تێپەڕیبوو، لەسەر بانگهێشتی ماڵی گەنجانی شارەزوور لەڕیزی سێیەمی هۆڵەکەدا دانیشتم‌و کفتو ماندوو بەوردی گوێم بۆ دوو ژنی ئەندام پەرلەمانی کوردستان گرتو نزیکەی دوو کاتژمێر تێپەڕی‌و قسەکانیان تەواوبوون‌و گفتوگۆکان بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەچوون، دوای چەند کەسێك کە پرسیارو ڕونکردنەوەکانیان بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی‌و لەسەرخۆ ڕاگەیاندو ئەوانیش (ئەندام پەرلەمانەکان) وەڵامی خۆیان دایەوەو بێ ئەوەی شتێکی سەیریان هەڕەشەیەك یان ـ دیاردەیەك جێگەی سەرنج بێت ڕووبدات، کۆڕەکە تەواو بوو.. ئەوەی جێگەی سەرنجی من بوو چەند خاڵێك بوون کە وا بەکورتی‌و پوختی ڕوونی دەکەمەوە.

١- لەمیانەی دوو کاتژمێر (ئەی زیاتر یان کەمتر) قسەکردندا من بۆ خۆم دێڕێك شتی تازە فێر نەبووم (هەرچەندە یەکێکیان لەپێشەکی باسەکەیدا گوتی هیوادارم ئەم زانیاریانەی ئێمە بچێتە سەر زانیارییەکانی ئێوە)، بەڵام ئەگەر یەك لاپەڕەی ڕۆژنامە ژنانەکانی کوردستان (هەر ژمارەیەك یان هەر ڕۆژنامەیەکیان) بخوێنیتەوە سەر لەبەری ئەو کۆڕەو دەیان کۆڕی تری لەو شێوەی تێدایە، نازانم ئەوانەی کە لەدەرەوە دێن‌و قسەی کتێبو ڕۆژنامەکانمان بۆ دوبارە دەکەنەوە گوێگر بەچی تێ دەگەن؟! یان کاتی ئەو خەڵکە بۆ دەکوژن؟!

٢- سەر لەبەری باسەکە ڕسواکردنی پیاو (نێر) بوو ژنیان وا نیشاندا کە بونەوەرێکی پەری ئاساو فریشتەی بێ هەڵەو پەڵەیە، ئەوە پیاوە ژن دەکوژێ ژن دەسوتێنێ ژن خەتەنە دەکان، ژن دەهێنێ، دەست درێژی دەکا پرچیان دەبڕێ، عەقڵیان کۆڵ دەکاو چەندانی تر.. بێ ئاگا لەوەی کە هەر ژنانن خەتەنەی کچان دەکەن، هەر ژنان شوو بەپیاوان دەکەن سەر بەهەویەو لەلوتکەی بەرگری لە (فیمینیزمی) کوردیدا بەوێنەی خاتوو (نەسرین بەروراری) کە نەك ژنێکی گوندنشین نییە، بەڵکو ژنێکی بڕوانامەداری قاڵ بووی ناو کایە سیاسی‌و ڕێکخراوەییەکانی ژنانە ..بۆ؟! جگە لەمەش پیاو ژنی دووەم‌و سێیەم دێنێ خۆ نەچووە پیاوێکی تر بێنێ یان بونەوەرێکی تر لەمەریخەوە بێنێ، مەگەر پیاو (ژنێکی تر)!! ناهێنێ؟! کەواتە ئەوانەی هێرشی نارەواو چەواشەکارانە دەکەنە سەر پیاو (بەشێوەیەکی گشتی) باتۆزێکیش بەخۆیاندا بچنەوە، کەماڵیان لەشووشەیە بەرد نەگرنە پەنجەرەی کەس‌و باشتر وایە ژنان قەناعەت پێ بکەن کە شووی سەر بەهەویە نەکەن نەك پیاوان تاوانبار بکەن کە بۆ ژنی تر دێنن، مەگەر ژن بەشی دووەمی (معادلە)ەکە نییە؟

٣- ژنان لەنێو حیزبە ئیسلامی‌و عیلمانیەکاندا دیکۆرن وەك (ئەندام پەرلەمانێکیان) دەیگوت باشە بۆ خۆتان رازین دیکۆربن نەك جارێك کە ئەندامی مەکتەب ڕێکخستنی حیزبێکی بەڵکو رازی بویت بە (٢٥%)ی ڕێژەی دیاری کراو بۆ ژنانو دوبارە بکرێتەوە دیکۆر!!

٤- ئەگەر گەنجێك جورئەتی کردبێ‌و رایەکی خۆی گوتبێ پێچەوانەی رای ئەو بەڕێزانە بۆ دەبێ بشکێنرێ‌و چەند جارێك بە وشەی (نەزان)و (بەحساب ڕۆشنبیر) و (بەحساب خوێندەوار) وەڵام بدرێتەوە، یان بەزمانێکی هێندە قورس مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە حەز ناکەم هەندێك لەو شتانە بخەمە سەر کاغەز، باشە ئەندام پەرلەمانێك، ئەندامی مەکتەب ڕێکخستنێك، ژنێك بەنەفەسێکی ڕۆشنبیرانەی ژنانەوە (کە دەیگوت ژنان هەمیشە ئاشتیخوازانو هەڵگری پەیامی ئاشتی بوون) بۆچ ناتوانێ وەڵامێکی گونجاوو دڵ زویرکەرانە نەداتەوە بەکەسێك کە (مداخلە)یەك (پرسیار)ێکی هەبێ؟! بۆیە لێرەوە دەڵێم ئەو پەرلەمانە چەند هەژارە، ئەو میللەتە چەند بەدبەختە، ئەو گەنجانە چەند چاوەڕێی بێ مانایان هەیە لەپەرلەمان کە ئازادی یان بۆ دەستەبەر بکات!!

٥- پرۆسەی ناشیرین کردنی دەرەوەی شارەکان لەلایەن ناوەندی شارە گەورەکانەوە (بەتایبەتی سلێمانی) لەئارادایە زۆر نائەخلاقی‌و ناشیرینە زۆر نادروست نەشیاوە، لەبەر ئەوەش کە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان لەبەردەستدایە زۆترو زوتر بەڵاوە دەبێتەوە.. سلێمانی دەئەوەندەی هەر قەزاو ناحیەیەیەك بیگری ڕوداوی ناخۆش، خۆسوتان، سوتاندن خەتەنەکردن، هەتك کردن، لەشفرۆشی‌و دزی‌و پیاوخراپی تێدا دەکرێت، دەیان باندی جۆراوجۆری تێدایەو باسی لێوەناکرێ، بەڵام هەر هێندەی لەشوێنێکی تر شتێك ڕوویدا ئیدی دەبێتەوە قسەوباس‌و هەرمەپرسە، هەرچەندە من قەناعەتم وایە ٩٩%ی دانیشتوانی ئێستای سلێمانی لادێیی‌یە حەیاتەکەی خۆمانن لەدەشتی شارەزوورو.. گەرمیان‌و دۆڵی جافایەتی‌و قەراخ‌و شلێرو ناوخوان شارباژێڕەوە هاتوون ئێستا خۆیان لێ گۆڕاوەو لەکونی خۆیان هەڵگەڕاونەتەوە.. هەواڵەکانی لاپەڕەیەکی ئەو ژمارەیەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن.

گرتەیەک لە کۆڕەکە

٦-دەمەوێت لەم خاڵەدا لەسەر ئەو نوسینەی (ڕێوان) بوەستم کە نازانم ناوی لێ بنێم چی؟ چونکە لەژێر هیچ ڕەگەزێکی ڕۆژنامەگەریدا جێگەی نابێتەوە، سەرەتا لەناونیشانەکەیەوە دەست پێدەکەم، لە سەید سادق دوو پەرلەمانتاری ژن ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە).

ئەرێ گەلی براینە زیاتر لە ٢٠٠ کەس لەو ماڵی گەنجانی شارەزوورە ئامادەبوون کێ توندوتیژییەکی بینی بەرامبەر بەو دوو دادەیە بکرێ!! جگە لەوە ئەگەر وایە بۆ لەدرێژەی بابەتەکەدا تەنها یەك شێوازی توندوتیژیتان باس نەکردووە، یان بۆ وتەی ئەندام پەرلەمانێك یان لێپرسراوی ماڵی گەنجان وەرنەگیراوە کە پشت ڕاستی ئەو هەواڵە نادروستە بکاتەوە؟! یان ڕەواج دانە بەڕۆژنامەکە لەسەر ئەساسی ناشیرین کردنی شارێکی وەك سەید سادق!!

دواتر بەحساب وتەی کاسبکارێکی کردۆتە مانشێتی سەرەکی لاپەڕە (٥) کە درێژەی هەواڵی لاپەڕە (١)ە دەڵێت "لێرە عەشایەر هەموو شتێکە یاسا هەر ڕۆڵی نییە".. پێم وایە بەو ڕەهاییەش نییە، لەچ جێگەیەکی کوردستان یاسا (١٠٠%) جێبەجێ کراوە؟! تا لێرەش جێبەجێ بکرێت؟ یان دەبێت بەرپرسانی یاسایی‌و کاربەدەستانی ئەم شارە دیوەخانێك بکەنەوەو قوفڵێك لەدەرگای فەرمانگەکانیان بدەن بەدادوەرو ناحیەو پۆلیس‌و ئاسایشەوە کە بەڕێوەبەری یاسان!! بۆیە ئەمەش بەناشیرین کردنێکی تری ئەم شارە دەزانم، چونکە بۆ خۆم زیاتر لە ٦ ساڵ فەرمانبەری دادگای (سەید سادق) و (هەڵەبجە) بووم‌و وا دەزانم کە وا نییە!! بەڵێ عەشایەرو پیاوماقوڵان زۆر کێشەیان چارەسەر کردووە، شایانی ڕێزە، بەڵام یاساش زۆرجاران لەژێر دەستو چنگی بەرپرسانی حیزبی‌دا تاوانبارانی بۆ دەرنەهاتووە کە پەنادراون یان خۆیان لەیاسا شاردۆتەوەو فایلەکانی بنکەی پۆلیس‌و دادگاکانی سەید سادق‌و شارەزوورو هەڵەبجە ڕاستی ئەو قسەیەم دەسەلمێنن.. ئەگەر بڕیاریش بێت ئازادی ڕا دەربڕین بۆ هەر کەسێك بەرقەرار بێتو کەسێك لەپشتی مێزو میکرۆفۆنێکەوە قسە بکاتو دواتر ڕێگە بدرێت گفتوگۆ بکرێتو کەسێك ڕایەکی جیاوازی تری هەبێ بۆ دەبێ خۆینەری (ڕێوان) وا حاڵی بکرێ کە توندوتیژی بەرامبەر دوو ئەندام پەرلەمانی ژن کراوە یان (ویستراوە موداخەلەی توند بکرێتو کۆڕەکە بەئاڕاستەیەکی تردا ببرێت) ئاخر کەی ئەوە ئێتیکو کاری ڕۆژنامەوانی‌یە؟! ئەندام پەرلەمانێك، ڕۆژنامەوانێك بەرگەی یەك ڕای پێچەوانە نەگرێت، تەحەمولی بۆچوونی گەنجێك نەکات (با هەڵەش بێت)و ناوی بنێ توندوتیژی!! مەرگەساتە.. ئیدی بۆ گلەیی لەعەشایەر بکرێ؟! وتەی کۆتایم بۆ ڕۆژنامەی ڕێوانو ئامادەکاری ئەو هەواڵە ئەوەیە تکایە لەبەر خاتری ڕەواجی ڕۆژنامەکەتان، یان لەبەر خاتری هەندێك مەرامی لاوەکی‌و چکۆلە سومعەی دە هەزار خێزان ناشیرین مەکەن..

لەگەڵ ڕێزدا

ئەرسەلان تۆفیق

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان

کەناڵی زاگرۆس (بەرنامەی بڵێ) بەرهەمهێنانەوەی دیدە سونەتییەکانی کۆمەڵگا

کەم نین ئەو بەرنامانەی کە شەوانە لە کەناڵە کوردیەکان پەخش دەکرێن، سەنگ‌و قورسایی ئەو بەرنامانە لە ناو خەڵکدا دەگەڕێتەوە بۆ حوکمدانی بینەر،گرنگە لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکەین ئەو کۆڵەکانە چین کە سەنگی بەرنامەکان دیاری دەکات، بێگومان ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەکەن کە دەتوانێت ڕۆح بکەن بەبەری بەرنامەکەدا، ئامادەکار لەناو واقعەکەوە کەرەسە وەرگرێتو بەشێوەیەك دایڕێژێت کە بەجیاوازی چین‌و توێژەکانەوە هاوڵاتی لێ‌ی تێبگات هەست بکات دەستەواژەکانی ئەو بەرنامەیە بەشێکە لەخۆی، پێشکەشکاریش کە کۆڵەکەی دووەمی بەرنامەکەیە، ڕۆحی دەکات بەبەردا بەوەی کە شێوە پێشکەش کردنی بەرنامەکە بەجۆرێك بێت بینەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاگوزەرە لەسەر بەرنامەی ڕاگەیاندنەکان، یەکێك لە بەرنامەی کەناڵەکان، دەکەمە نموونە کە بەرنامەی (بڵێ)یەو شەوانی دووشەممە لە کەناڵی زاگرۆس پێشکەش دەکرێت، ئەشێ بوترێت فکرەی پشت ئەم بەرنامەیە جوانەو گەر بەشێوەیەکی زانستی پێشکەش بکرێت دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە کرانەوە بەڕووی کۆمەڵگاو پەردە لادان لە ڕووی هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتی کە تایبەتە بە پەرتەوازە بوونی خێزان، یەکەم بەرنامەی کە پێشکەش کرا من یەکێك بووم لە بینەری بەپێی ئەو بۆچونانەی لەبینینی بڕگەکانی یەکەمی ئەم بەرنامەیە لام گەلاڵە بوو بوو چاوەڕێی ئەوە بووم کە ئامانجێکی هیوابەخش بخاتەڕوو، بەڵام ئەم بەرنامەیەش وەك بەرنامەکانی تر ختوکەی کۆمەڵیداو لەکۆتایی بەرنامەکەشدا بەتەواوی سازشی لەگەڵ تەقلید کرد، هەرچەند ئەم زنجیرەی یەکەمە تایبەت بوو بەیەك گەیاندنەوەی کوڕو باوکێك کە ماوەیەکی زۆر بوو باوکی لەماڵ دەری کردبوو بەهۆی ئەوەی بەپێی بیروبۆچوونەکانی باوکی مامەڵەی نەکردبوو کۆتایی بەرنامەکە زۆربەی خراپیەکانی بۆ کوڕەکە جێهێشتو باشیەکان بۆ باوکەکە، ئەمەش دووبارەکردنەوەی ڕێنماییە سونەتیەکانە، کە وێنەی باوك وێنەیەکی باڵاو بێ هەڵەیە، نەوەکانیش هەمیشە لەئاست باوکەکاندا هەڵەنو هەر دەبێت ئەوان داوای لێبووردن بکەن، بۆیە بونو نەبونی ئەم بەرنامانە وەك یەکەو ناتوانێت هیچ گۆڕانکاریەك لە کۆمەڵدا بکات، سەرو ئەمەش دوبارەکردنەوەی ئەم جۆرە تێگەیشتنانە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا زەمینەی بەرهەمهێنانەوەی ئەقڵیەتی سەروەرو کۆیلە خۆشتر دەکات، ئەم جۆرە بەرنامانە لەجێگای ئەوەی هەنگاوێك بێت بۆ گۆڕانکاری‌و پێشخستنی کۆمەڵگا دیدو سونەتو نەریت بەرهەم دێنێتەوە.

مەستورە مەحمود

جەژن

ئازادە ڕەش

یاد

ئەم شەو یادێك هەڵی گرتم
بردمیە ئەو مەیدانەی کە
بە لاویم تیایا گلام..
لە پێناوی عەشقی تۆدا
من بە تیرێ پێکرام‌و
تۆش بە تەنها جێت هێلام..
پڕبوو لە ناڵەو لە گریان ..
لە هاواری گەرووی تاساو..
لە فرمێسك‌و خوێنی جەستەم ..
لەوێ تارمایی تۆم بینی..
داوای پاداشتت لێ کردم
کە بوویت بە شیعرو بە بەستەم ..
منیش بەڵێنم داوە بە تۆ..
وەکو پاداشت پێشکەشتی کەم..
هەرچیم ماوە لەم دونیایە..
ئەوەش ماوە جەستەیەکە..
ڕەش‌و لاواز لەگەڵ دڵێکی سوتاوا..
کە هیوای یەك ماچی تیاماوە..!!